# کام خەون دێتەدی؟

## دوای کۆنگرەی نێو دەوڵەتی بەغداو ئایندەی کوردستان بەرەو کوێ؟

**زمناکۆ عزیز**

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لە بەغدای پایتەخت کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەری کێشەکانی عێراق لەبەغدای پایتەخت بەسترا، کە نوێنەری هەریەك لەئەندامانی هەمیشەیی ناوئەنجومەنی ئاسایش و نوێنەرامی هەرکام لەدەوڵەتانی ناوچەکە بەتایبەت ئێران و سوریا و تورکیا و سعودیە تیایدا بەشدار بون، وە ئامانج لەم کۆنگرەیە زەمینە خۆشکردن بوو کە هەمان دەوڵەتانی بەشداری ئەم کۆنگرەیە و لەئاستێکی باڵاتردا لە ماوەی مانگێك کەمتر دووبارە کۆنگریەیەکی تر ببەستن، کە تیایدا سەرجەم کێشە ئەمنیەکانی عێراق چارەسەر بن‌و، قەیرانی ئەمریکا کەلەعێراق تێیکەوتوە کۆتایی پێبێت. لەهەمان کاتیشدا لەزۆرێك لەوڵاتانی ڕۆژئاوا بەسەدان هەزار کەس ڕژانە سەر شەقامەکان‌و لەدژی شەڕو داگیرکاری ئەمریکا بۆ عێراق دروشمیان داو داوی دەستبەجێ کۆتایی هێنان بەشەڕو کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانیان ئەکرد لەعێراق.

وە ڕۆژی پێنج شەممە بەرواری 3/22 ڕۆژنامەی (الحیاة)ی لەندەنی لەچاوپێکەوتنێکیدا بەگەڵ مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی، وەلەسەر زاری ئەوەو ئەلێت" دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەکوردستانی عێراق خەونێکەو ئەبێت بێتەدی".

ئەم دوو ڕوداوە ناکرێت وەك کرداو پەرچە کردار بێتە بەرچاو، چونکە نێوانی ئەم دوو بەروارە زیاتر لە 10 ڕۆژە، واتە دوو ڕوداون کە پەیوەندیان بەسەر یەکترەوە نیەو هیچکامیان ئیلهامیان لەیتر وەرنەگرتوەو هیچکامیشیان لە ژێر کاریگەری ئەویتردا نیە. هەرچەندە قسەکەی بارزانی تازە نیەو دەمێکە ئەو خەو بە دەوڵەتی کوردیەوە ئەبینێت، بەڵام هەمیشەو ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەو لەگەڵیدا نیەو پێیوایە ئەمە بۆ ئەمڕۆ خواستێکی واقعی نیەو قابیلی جێبەجێکردن نیە!!. وە بەو پێیەی کە لەسەر واقعی‌بوون‌و نەبوونی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سکۆلارو ناقومی ئەمەندەمان ووتوە، من پێم باش نیە جارێکیتر هەمان ووتراوەکان دوبارە بکەمەوەو کاتی خەڵکی پێوە بگرم، بەڵام لەسەر کۆنگەرەکەی بەغدا ئەبێت ئیستێك بکەین‌و بزانین چی لەدەورمان ئەگوزەرێت؟.

هەرچەندە خودی بەستنی کۆنگرەکەو ملدان بەبەستنی ئەم کۆنگریە لەلایەن ئەمریکاوە بەڵگەی شکستی ستراتیژو سیاسەتەکانیەتی لەعێراقدا، هاوکات هەوڵێك بو بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی نێودەوڵەتی‌و دەوڵەتانی ئیقلیمی بۆ دەرباز بون لەو زەلکاوەی کە تێیکەوتوە، ئەویش لەڕێگای قانع کردنی دەوڵەتانی ناوچەکە بەگشتی‌و ئێران‌و سوریا بەتایبەت بۆ دەست وەرنەدان لەناوخۆی عێراق، بەڵام تەواوی ئەو هەوڵانە شکستیان خواردو کۆنگرەکە بەبێ هیچ ڕاگەیاندنێکی کۆتایی‌و دورکەوتنەوەی زیاتری نێوانیان کۆتایی هات.

بەڵام ئەوەی کەسەیرو جێگەی پرسیار بوو ئەوە بوو کە نوێنەری هیچکام لە حزبەدەسەڵاتدارەکانی کوردستان لەو کۆنگرەیە بەشدار نەوبون‌و، لەوەش سەیتر بێهەڵوێست بوون لەبەرامبەر ئەم کەنارگیر کردنەیاندا. لەکاتێکدا قسەکردنی کۆنگرەکە لەسەر تەواوی عێراق بوو بەکوردستانیشەوە. هەرچەندە بوون‌و نەبونی نوێنەری پارتی‌و یەکێتی هەرگیز بەقازانجی جیابونەوەی کوردستان نیەو، سیاسەتی ئەم دوو حزبە خولانەوەیە لەفەلەکی سیاسەتەکانی ئەمریکادا کە خۆی لەمانەوە لەعێراق‌و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق ئەبینێتەوە. بەڵام ئەم مامەڵەیە سەرەتایەکی ترسناکە کە ئەمریکا ئامادەیە لەبەرخاتری قازانجی خۆی‌و ڕزگاربونی لەو قەیرانەی کە لەعێراق تێیکەوتوە، نەك هەر یەکێتی‌و پارتی، بگرە سەرجەم خەڵکی کوردستان‌و تەواوی مەسەلەی کورد بکاتە قوربانی‌و ئایندەی کوردستان بخاتەوە بەر مەترسی دووبارە بونەوەی ستەمی میللی‌و پلەدویی خەڵکی کوردستان، کەئەمەش دروست ئەو پەیامەیە کەلە ڕاسپاردەکانی بیکەر هاملتۆندا هاتبوو، بەمەش کارەساتەکاتی وەك ئەنفال‌و کیمیاباران‌و ئیعدام‌و گۆڕەبەکۆمەڵەکان‌و ئاوارەیی بکرێتەوە بەشێکی دانەبراو لەژیانی خەڵکەکەی. بەڵام سەرانی ئەحزابی ناسیونالیست دەسەڵاتدار بەئەدازەی نوکە دەرزیەك پێی هەستیار نەبون، وە لەبەرامبەریداو وەك پیشەی هەمیشەییان وتیان کە مەسەلەکە بەو شێوەیە نیەو ئێمە "زەمانەت"مان لە حکومەتی ئەمریکا وەرگرتوەو ترسێکمان لەسەر نیە.

بەڵام مەسەلەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە خودی ئەحزابی دەسەڵاتدار تصوری ئەکەن، چونکە سیناریۆ یەك لەدوا یەکەکانی ئەمریکا بۆ دەرکێشانی وەزعی خۆی ئەمەندە زۆرن‌و ئەمەندەشمان لێبینیوە، کە ڕەنگە ئەمجارەو سیناریۆی نوێیان دژ بەخەڵکی کوردستان تەواو بێت‌و تەواوی دەسکەوت‌و فەزای ئارام لەخەڵکی کوردستان تێك بچێت‌و بەمەش خەباتی خەڵکی کوردستان لەژێ ستەمی میللی بگێڕنەوە بۆ خاڵی سفر. کە بەبڕوای من نەك هەر خەڵکی کوردستان بەڵکو سەرجەم کۆمەڵگای کوردستان بە خودی دەسەڵاتدارانی ئێستاشەوە ئەبنە قوربانی تاکتیکە هەڵەو سیاسەتە چەوت‌و ستراتیژە شکست خواردوەکەی ئەمریکاوە.

هەربۆیە خێراترین ئەرکوو ئاسانترینترین ڕێگا –لەچاو باقی ڕێگاکانیتردا– ی بەردەم خەڵکی کوردستان، خەبات‌و تێکۆشانە لەپێناو جیاکردنەوەی کوردستان‌و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سکۆلارو پێشکەوتوو ناقومی لەکوردستان، کە لەلایەکەوە هەڕەشەی ستەمی میللی‌و پلەدویی خەڵك کۆتایی پێدێنێت‌و، کۆمەڵگای کوردستان دورئەخاتەوە لە خەتەری نائارامی‌و بەڵای شەڕی لەسەر لائەبات. لەلایەکیتریشەوە زەمینە خۆش ئەکات بۆ ئەوەی خەڵکی ناوچەکانیتری کوردستان‌و ناوچە کوردنشینەکانی وەك کورکوك‌و مەخمورو جەلەلاو خانەقین‌و سەرجەم ناوچە کوردنشینەکانیتریش، لەکاتی ڕیفرامدۆمیاندا بەکوردو عەرەب‌و تورکمانیەوە دەنگ بدەن بەهاتنە پاڵی دەوڵەتی تازەدامەزراوو سکۆلاری کوردستان، نەك مانەوە لەژێر چەپۆك‌و حاکمیەتی کۆنەپەرستانی شیعەوسوننەو فاشیزمی عەرەبیدا.